**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٦٣٢٥ لە ٢٠٢٠/٥/٧**

**بەیانی ژمارە (٣٢) ساڵی ٢٠٢٠**

**قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ئامێرەکانی ئاگادارکردنەوەی (دەنگی و روناکی) بەستراو لە ئۆتۆمبیل**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و بەمەبەستی قەدەغەکردنی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە رێگەپێدراو نین بە بەکارهێنانی ئامێری ئاگادارکردنەوەی (دەنگی و روناکی) بەستراو لە ئۆتۆمبیلەکانیان بە گشت جۆرەکانیانەوە و کە دەبێتە هۆی دروستکردنی پشێوی و بێزارکردنی هاووڵاتیان و لەبەر بەرژەوەندی گشتی.بڕیارماندا بە دەرچواندنی ئەم بەیانە:

**ماددەی یەکەم :**

قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ئامێرەکانی ئاگادارکردنەوەی (دەنگی و روناکی) بە هەموو جۆرەکانی (جگە لە دەزگا ئەمنی و دەزگا رێگەپێدراوەکان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ و ئۆتۆمبیلەکانی فریاکەوتن-ئەمبوڵانس)

**ماددەی دووەم :**

هەر ئۆتۆمبیلێک ئەم ئامێرە بەکاربهێنێت کە لە ماددەی یەکەمی سەرەوە هاتووە دەستی بەسەردا دەگیرێت بۆ ماوە (١) یەک هەفتە لە گەراجی تایبەت بە دەستبەسەرداگرتنی ئۆتۆمبیل لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند.

**ماددەی سێیەم :**

ئۆتۆمبیلی دەستبەسەرداگیراو بە بڕی (١،٠٠٠،٠٠٠) تەنیا یەک ملیۆن دینار وەک سزای سەرپێچی کردن لێ وەردەگیرێت و پێویستە پاکانەی تەواوی سزا سەرپێچییەکانی کە لەسەر ئۆتۆمبیلەکە بووە ببژێرێت.

**ماددەی چوارەم :**

لە کاتی دووبارەبەکارهێنانەوەی ئەم ئامێرانە کە لە ماددەی (پێنجەم) هاتووە ئەوا بە بڕی (٢،٠٠٠،٠٠٠) تەنیا دوو ملیۆن دینار سزا دەدرێت.

**ماددەی پێنجەم :**

ئەم بەیانە لەڕۆژی دەرچوونییەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە .

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**